پارتی تەقەدوم ڕاگەیەندراوی هاوبەشی عەزم و سیادە و حەسمی نیشتمانی ڕەتدەکاتەوە

پارتی تەقەدوم بە سەرۆکایەتی محەمەد حەلبوسی، راگەیەنراوەکی توند لەدژی خەمیس خەنجەرو چەند لایەنەکی دیکەی سوننە بڵاودەکاتەوەو رایدەگەیەنێت سەرباری هەوڵەکانیان بۆ کڕینی هەندێ پەرلەمانتار لەڕێی هەڵڕشتنی پارەوە، بەڵام ئەوان زۆرینەی پێکهاتەی سوننە لە ئەنجومەنی نوێنەران پێکناهێنن.

لەو راگەیەندراوەدا هاتووە، پارتی تەقەدوم راگەیەندراوە هاوبەشەکەی هەریەك لە هاوپەیمانیی سیادەو حەسم و عەزم-ی ڕەتکردووەتەوە، کە خۆیان وەك زۆرینەی پێکهاتەی سوننە لەناو ئەنجومەنی نوێنەران ناساندووە، جەختی لەوەشکردووتەوە کە سەرباری هەموو هەوڵەکانی ئەو سێ لایەنە بۆ کڕینی هەندێ پەرلەمانتار لەڕێگەی خەرجکردنی پارەیەکی زۆر، بەڵام ناتوانن ئەو راستییە بشارنەوە کە زۆرینەی پێکهاتەی سوننە بریتییە لە حزبی تەقەدوم.

لە بەشەکی دیکەی راگەیەندراوەکەدا، حزبی تەقەدوم داوای لە سەرۆکوەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی و سەرجەم دەستە چاودێرییەکان کردووە، کۆتایی بە مزادی کڕین و فرۆشتنی پەرلەمانتاران بهێنن، کە پرۆسەی سیاسیی ناشیرین کردووە، هەروەها داواشی کردووە لەسەر ئاستەکی باڵا لێکۆڵینەوە

لەو بارەیەوە بکرێت.

راگەیەندراوەکەی حزبی تەقەدوم لەدوای لێدوانەکەی خەمیس خەنجەر، سەرۆکی هاوپەیمانیی سیادە هات، کە رایگەیاندبوو سبەی لەسەر داوای سەرۆکوەزیرانی عیراق، کە بە هەموو لایەنەکانی کەرکوکی ناردووە، کۆدەبینەوەو تێڕوانینی خۆمان لەسەر پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی ئەنجومەنی نوێنەران رووندەکەینەوە.

خەمیس خەنجەر کە پێشتر هاوپەیمانێکی سەرسەختی حەلبوسی بوو، داواشی کردووە پەلە بکرێت لە هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی ئەنجومەنی نوێنەران، راشیگەیاند: بۆ ئەو مەبەستە شاند دەنێرینە لای هەموو لایەنەکان